# بةئةنطيزةي سياسييةوة ديفاعيك لةكةلار!

## وەڵامێك بۆ قسەكانی ئازاد جندیانی دەربارەی ناڕەزایەتییەكانی كەلار

محمـــد غفـــور

ئازاد جندیانی لەسەر لاپەڕەدووەمی كوردستانی نوێی ڕۆژی 18-09-2005 نووسینێكی بڵاوكردۆتەوە بەناوی(چەند قسەیەكی هێمنانە سەبارەت بەڕووداوەكانی كەلار). جندیانی لەو نووسینەیدا بە"ئەنگیزەی سیاسیی خۆیەوە!" وبەناوی خستنەڕووی ڕاستییەكانەوە، دەیەوێ بەفەنتاسیایەكی سیاسییەوە ئەصڵ وبنەڕەتی خۆپیشاندانی خەڵكی كەلار ومەسەلەیان ئاوەژووبكاتەوە وبەلاڕێیدابەرێت. پاشان بەقازانجی پڕووپاگەندەی سوواوی دیموكراسییەكەیان وموتەعاریف نیشاندانی دەسەڵاتی (ئیمارەتەكەیان، یانی ئیمارەتی سۆران لەچاو ئیمارەتی بەرزان)دا بیشكێنێتەوە بەسەر خەڵكی بەتەنگهاتوودا. نەك هەر ئەوەش بەڵكو بەئاشكرا ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانە ڕەواكانی كەلار وڕانیە وشوێنەكانی دیكەش بەڕەوتی "گوماناوی" ناودەبات، بۆ شەرعییەتدان بەپەلاماردانیان.

بۆ وەڵامدانەوە بەقسەكانی ئازاد جندیانی سەرەتا بەپێویستی دەزانم هەندێ ڕاستیی حاشاهەڵنەگر بخەمە بەرچاوی خوێنەران. لەگەڵ نیشاندانی ئەوپەڕی پشتیوانیی خۆم بۆ خورپەی دڵی خەڵكی كەلار وباقی خەڵكی كوردستان لەدەربڕینی ناڕەزایەتییان بەدژی ئەو بارودۆخە سەختەی كراوەتە بەشیان وهاتنەمەیدانیان بۆ كۆتایی پێهێنانی، بەتەنیشتی بالاّی بەرزی راوەستاویی ناڕەزایەتیی ئەم خەڵكەوە، منیش بە"ئەنگیزەی سیاسییمەوە"جندیانی وهاوڕێكانی ئەكێشمەپای ئەو ڕاستییەی كەبۆتە میحوەری یاسا وجووڵەی ئۆرگانیكی گۆڕانكارییە بنەڕەتییە كۆمەڵایەتیەكانی كۆمەڵگای كوردستان، ولەسەر زەمینەی ژیانی فیرعەونی وگەندەڵیی ئیداری ئیمارەتەكانی ئەوانەوە كەوتۆتەسەرپێ، كەدوێنێ لەڕانیە وكەلار وئەمرۆ لەسلێمانی وپێشتریش لەناڕەزایەتییەكانی خوێندكارانی زانكۆ ومامۆستایاندا خۆی نیشانتانداو ترسی خستۆتە عەرش ومەرشتانەوە! كەبەهەموو تواناتانەوە لەهەوڵی ئەوەدان ئەگەر بۆتان سەربچێ خۆتانی لێگێلبكەن، ئەگەرنەكرا ئاوەژووی بكەنەوە، ئەگەر هەردادی نەدا دەماری خۆپەرستی ودژایەتییتان بۆ مەنتیقی سەردەم وڕێزدانان بۆ خواستی جەماوەر دەئاوسێت وبیر لەمەنتیقی شەلم كوێرم هیچ نابوێرم دەكەنەوە.

* زیاتر لە14ساڵە بزووتنەوەی كوردایەتی وهەردوو حیزبی لۆمپن وحیزبە گوێلەمست ومشەخۆرەكانیان زوڕنای شكاوی تەجروبەی دیموكراسی لێدەدەن وتەپڵی بۆگەنكردووی ماڤ مرۆڤ دەكوتن، ولەپاڵیدا ژیان وعەیش ونۆشی هاروونەڕەشیدیان بۆ خۆیان سازكردووە. كەچی سەرتاسەری خەڵكی كوردستانیشیان نووقمی هەژاری ونەهامەتی وبێماڤ كردووە، وسەرباری ئەوەش بەدەست گرفتی گرانیی ونەبوونی ئاو وكارەبا وسووتەمەنی و گەندەڵیی ئیداری وتالاّن بڕۆیانەوە گیرۆدەیانكردوون.

* باسی دەسکەوتی پووچی حکومەتی کوردی ودەسەڵاتی یاسا وخۆیی بۆ خەڵك ئەکەن، کەچی  تەنها دەسەڵاتی میلیشیاییان فەرمانڕەوایە وهەر فیرعەونێك بۆ خۆی چەتە ولۆمپنی ناوچە وگەڕەك وشار ولاپاڵێکە وحوکمی قەرەقۆشی خۆی پیادەدەکات.
* زیاتر لە4ساڵ لەسەر حوکمی قەرەقۆشی وتالان وبڕۆتان جەنگێکی کۆنەپەستانەتان سازکرد، کەسەرەڕای هەزاران قوربانی دەیان کارەساتی ئەتککردنی یەکترتان بەرپاکرد، کەتائێستاش برینێکی قووڵی سەردڵی خەلکە وئاسەوارەکەی بەڵایەکی گەورەی دیکەیە بەسەریانەوە، ولەهەر دەورەیەکی دیکەی قووڵبوونەوە ونوێبوونەوەی خیلافاتەکانتاندا، دەستی بۆ دەبەنەوە.
* دوای سەد وچەند جەولەی بەناو ڕێکەوتنی پێشووتان کەبێئاکام بوو، جەولەی دوای "ئازادیشتان!" هەروا پووچ وبێمایەیەو تائێستاش چەقۆ لەیەکتری دەسوون. ئەگەر وانییە بۆچی ناتوانن تەنها یەك ڕێکخراوی بەناو جەماوەریشتان یەکبخەنەوە، نەك وەزارەت یادەسەڵات ومیلیشیاتان!
* بەناوی "ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوکەوە!" خەڵکی کەرکوك وکوردستانیشتان بردۆتە سەرلێواری جەنگ وسکهەڵدڕینی ماڵبەماڵ لەبەرامبەر عەرەب وتورکماندا، کەچی دیل وگیرا و ودەسبەسەر وئاوارەکانی جەنگەکەی نێوان خۆتانتان پێ ئاسایی ناکرێتەوە.
* 14ساڵە بەشێوەی دیفاکتۆ کوردستان لەعێراق جیایە، وئێستاش کەڕژێمی بەعس ڕووخاوە ودەرفەت بەهەموو شێوەیەك ئامادە ولەبارە بۆ جیابوونەوە وسەربەخۆیی، سەرباری دووملیۆن دەنگ بۆی، کەچی ئێوە لەپێناوی ئیمتیازاتی تایبەتی خۆتاندا، دەستانخستۆتە ناو دەستی کۆنەپەرستترین ودژی ئینسانی ترین بزووتنەوە وحکومەتی وەکو ئیسلامی سیاسی وئەمریکاوە، بۆ بنیاتنانەوەی عێراقێکی فاشیانەی عەروبی-ئیسلامی. خەڵك سەربەخۆییان دەوێت، ئێوە بەزۆری میلیشیاتان کوردستان دەلکێننەوە بەعێراقەوە.

ئازاد جندیانی دەیەوێ کڵاوبکاتەسەر خەڵکی کەلار وکوردستان لەچەندلاوە. سەرەتا دەڵێت:"بێگومان هەر قسەکردنێکی ئێمە لەسەر رووداوەکانی کەلار لەلایەن زۆر ناوی دیار ونادیارەوە دەکریتەبیانوو تازۆرتر بەزمانی عاتیفە وبەمەنتیقی دنەدانەوە قسەلەدژی یەکێتی بکرێ، کەخۆشبەختانە هەموو ئەو قسانە لەوناوچەیەوە دەنووسرێن وبلاودەکرێنەوە کەیەکێتی تیایاندا حاکمە...بۆئەوەی راستییەکان وەك خۆیان بکەونەروو وئەو ڕەوتە گومناویە بەتەنیا لەمەیداندا نەبێ کەدەیەوێ یەکێتی ودەسەڵاتەکەی وەك دێوەزمە ونادیموکرات پیشانبدا"(هێڵەکان هی منن). سەرەتا دەڵێم جندیانی، ووریابە ئەم خۆهەڵکێشانە دیموکراتیەت لەبەرامبەر ئیمارەتەکەی بەرزاندا بۆنی جەنگی لێدێت، ڕەنگە بۆ شان وشەوکەتی تاڵەبانی بارگرانی بێت لەبەردەم مەسعود بەرزانیدا!ئەوەش بزانە باوکەگەورەتان جۆرج بۆش هەر ئیمارەتی بەرزان بەنموونەی دیموکراسی لەقەڵەمدەدات، وئێوە تەنها کەفپەڕاندنەکەتان بۆ دەمێنێتەوە! شەپۆکاوییتان! لەبەردەم مەنتیقی هێزی جەماوەری ودەربڕینی ناڕەزایەتی خەڵکی کەلاردا وای بەسەر هێناون، لیك بەدەمتانا دێتەخوارێ کەبزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری بوارتان نادات دەست بۆشێوازە ئیستیبدادیە تووندترەکەی ئیمارەتی بەرزان بەرن بۆ وەڵامی ناڕەزایەتی خەڵك.

دڵنیابە لەناوچەی ژێر ڕکێفی عەشیرەتی بەرزانیشدا خەڵك هەروا پڕن لەهەردوولاتان وچیتر لێتان قبووڵناکەن! پاشان ئەگەر ئەم مەنتیقەی جندیانی قسەی پێدەکات تەرجومەبکرێت بۆ زمانی ئینسان، دەبێتە ئەوە کەخەڵك نەك هەر مافیان نییە داوای هەقی سەرەتایی وەکو ئاو وکارەبا بکەن، بەڵکو نووسینی نامەی پشتیوانیش بۆیان قەدەغەیە! "ئەو ڕەوتە گوماناوییە" مەبەستی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەرییە کەدەبێت کپبکرێتەوە. دواتر دەنووسێت کەئەم وئەو دەستی وەرداوە لەم ناڕەزایەتیانەی کەلار وهەڕەشە لەنووسەر وڕۆژنامە نووسان دەکات کەئەنگیزەی سیاسییان هەیە لەپشتی ئەم نووسین وشتانەیانەوە بۆ ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کەلار!

لەشوێنێکی تر دەڵێ،"بۆیە ئەگەر بڕیاربێت بەدوور لەئامانج وئەنگیزەی سیاسییەوە بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان بگەڕێین..."(هێڵ هی منە). من لەو دەپرسم، مەبەستی کام بڕیارە کەدراوە بۆ دۆزینەوەی هۆکار؟! وەبڕیاری لەوچەشنەی مەڕ کاك ئازاد لەقووتووی کام عەتاردا پەیدادەبێت کەدووربێت لەئەنگیزەی سیاسییەوە؟! ئەم بڕیارە مەگەر سەرکردایەتی ئەم ناسیونال-عەشائیرانە چپاندبێتیان بەگوێی یەکتردا! دەنا کامەیە ولەکوێیە؟ بەڵام گورزێك کەخۆپیشاندانی کەلار وەشاندوویەتی، ئەنگیزەی ئازاد جندیانی خوارترکردۆتەوە بۆلای مەنتیقی تاکڕەوی وتۆتالیتەری بێپەردە! بەڵام بەنەزمی دیموکراسی فووی پیادەکات. ئەمانە قوتابی بەردەستی صدام وپەروەردەی مەنتیقی ڕژیمی بەعسن. دەمارگیرن، جاهل ودواکەوتوون، تەنها زمانی چەك وگوولله بەڵەدن. مەنتیقی پووچی دیموکراسیەتێك کەباسی دەکەن تەنها بۆئیستیهلاکە. چۆن؟ ئەو کەدەڵێ ئەنگیزەی سیاسی لەپشتەوەیە، مانای وایە ئەو خۆی وحیزبەکەشی لەسەر ئەو باوەڕەن کەسیاسەت تەنها قۆرغ ومولکی زومرەی ئەوان وحیزبەکانیانە! ڕێك وەکو مەنتیقی صدام. ئەوان سیاسەتمەدار ودەسەڵاتدار وهەمەکارەن، وخەڵکیش ڕەعیەتن. دەبێت بەهەموو بەشێك شکوربن. وەنابێت بیر لەناڕەزایتی وسیاسەت بکەنەوە. ئەمە ناوەرۆکی ئەو درۆ وفڕشوفیشاڵەیە کە14ساڵە مێشك کاس دەکات!! ئێمە دەیان جار دووپاتمان کردۆتەوە کەئەم دیموکراتییەی باسی دەکەن لەپووچ پووچترە!! تاکاتێك ئەوان بڕوایان پێی هەیە کەکەس نوتقی لەدەم دەرنەچێت. دەنا ئەوە ئیتر سیاسەتی دیکەی لەپشتەوەیە. وەدەبێت سەرکوت بکرێت. ئەمە ئەصڵی ئامانجی ئازاد جندیانییە. ئەو باسی گۆڕانکاری دەکات لەکۆمەڵی کوردەواریدا. ئەو گۆڕانانەش بەبەرقەراربوونی دیموکراسی دەفرۆشێتەوە پێمان. بەدەسەڵاتگەیشتنی خۆیان وحاصڵبوونی مرادی فیرعەونییان ناودەبات بەگۆڕانکاری کۆمەڵایەتی! ئازاد جندیانی تەنانەت ئەو بەرەوپێشچوونە ناچیزەش کەپرۆسەی خۆبەخۆیی وشارستانییەتی کۆمەڵی کوردەواری بەخۆیەوەی بینیوە بەزۆر دەزانێت وئەوەتا دەیداتەوە بەچاوی خەڵکیشدا. هەر بەم مەنتیقەشە کەقسەلەسەر ڕووداوەکانی کەلار دەکات. سەیرکەن چی دەڵێت:"ئەڵبەتە ئەوروپا ئەو هەموو پێشکەوتنانەی کەبۆ ئێمەمانان نەك هەر جێگای سەرنجێکی زۆرە، بەڵکو هێشتا خەون وخەیاڵێکی زۆر بەرزەفڕانەیە بۆ ئێمە..." . بەڵام ئەم شتانە مەوجی پەنگخواردووی ڕق وناڕەزایەتی سەرتاسەری خەڵکی کوردستان ڕاناگرێت. ئێوە لەم 14ساڵەدا هەموو ئیمتیحانەکانتان داوە وهەموو سیناریۆ ومانۆڕەکانیشتان لەلایەن خەڵکەوە تەجرەبەکراون. بەکردەوە بۆیان دەرکەوتووە کەدەسەڵاتی ئێوە هیچ مۆرکێکی ئیرادە ودەسەڵاتی خەڵکی پێوەنییە. خۆتان ودەسەڵات

ومیلیشیاکانتان دژی خەڵکن. دژی ئازادی ومافە سیاسی وئابوورییەکانی خەڵکن. یاری وسەرمایەگوزاری وسات وسەودا بەداهاتی کۆمەڵگا وگوزەرانی خەڵکەوە دەکەن. کۆنەپەرست وعەشیرەتی ودژی سکۆلاریزم ومەدەنییەتن. دژی مافەکانی ژنان وئارەزووەکانی لاوانن ولەگەڵ کۆنەپەرستترین هێزی ئیسلامی وتیرۆریزمی جیهانیدا دەستتان تێکەڵکردووە. خواست ودەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان هەراج وهەرزانفرۆش دەکەن بۆ مەرامە پووچەکانی خۆتان. سیناریۆی سەپاندنی دەستوورێکی قەومی-ئیسلامی فاشیانە کەئەمڕۆ بەرپاتانکردووە، هەنگاوێکی ترە بۆ قووڵکردنەوەی کۆنەپەرستی وبێماف وبێدەرەتانی خەڵك وپاراستنی عەرشی فیرعەونییەتی خۆتان.

لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە جگەلەهاتنەمەیدان وگرتنەبەری خەباتێکی جەماوەری وبێووچان. خەڵك دەبێت شەقهەڵدەن لەم پڕووپووچەی وابەناوی دیموکراسییەوە 14ساڵە دەئاخنرێتە مێشکیانەوە. هەرجۆرە خۆشباوەڕییەك بەناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی دەبێت توورهەڵبدرێ. خەڵکی کوردستان دەبێت هیچ چاوەڕووانییەکیان لەم حیزب وهێزە قەومییانە وکوردایەتییەکەیان نەمێنێت. خەڵك لەپێناوی ژیان وئاییندەی خۆیاندا وەکو ئۆکسجین پێویستیان بەڕێکخراوبوونە لەدەوری بزووتنەوەیەکی نوێخواز وئازادیخواز وپیشکەوتووانە بۆئەوەی یەکپارچە ویەکگرتوویان بکات هەتا داخوازییەکانیان بەدی بێنێت. کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەو بزووتنەوەیە وحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق چوارچێوەی یەکگرتن وڕێکخراوبوونتانە. بۆئەوەی هەموو چەواشەکارییەکانی یەکێتی وسەرانی ولەوانەش ئازاد جندیانی بەرپەرچدەنەوە لەسەر داواکردنی ماف ڕەوای خۆتان، دەست بخەنە ناودەستی یەك وخەبات وناڕەزاییەکانتان گەورە وسەراسەری بکەنەوە. ئەم فیرعەونانە تەنها بەم مەنتیقە وەڵام دەدرێنەوە.

دواقسەم بۆ ئازاد جندیانی ئەوەیە کەڕاستەدەکەی گۆڕانکاری ڕوویداوە، وکوردستان پێویستیی بەگۆڕانی دیکە وزیاتریش هەیە. بەڵام ئەم هیستریا هێمنانەیەی تۆ وکەمپەینی گەورەی ئیعلامیتان لەدژی خۆپیشاندانی خەڵکی کەلار، بەڵگەی هەڵهاتنی هەتاوی گۆڕانکارییەکی گرنگتر وبنەڕەتی ترە لەکوردستان. ئەویش ڕووهێنانی خەڵکی کوردستانە بۆ خەباتێکی هەمەلایەنە لەپێناوی پێچانەوەی دەورودووکانی ئێوە بەرلەهەر شتێك، کەبوونەتە کۆسپێکی گەورەی بەردەم عەدالەت وسەعادەتی کۆمەڵایەتی. ئەگەریش شتێك هەبێت ناوی مەنتیقی گۆڕانکاری بێت لەبەرژەوەندی خەڵکدا، نەك لەبەرژەوەندی دەسەڵاتی قەرەقۆشی ئێوەدا، ئەوە تەنها هەر ئەو مەنتیقەیە کەتوانای ئاراستەکردنی ئیرادە وهێزی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواری هەیە بۆ دەرکێشانی عەرشی عەزەمەتی فیرعەونیی سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی لەبناغەوە، وهێنانەئارای شێوازێکی حوکمڕانیی سەد هێندەی ئێستا باشتر وئینسانی ترە لەجێگەیدا. خۆپیشاندانی کەلار ئەم ئەنگیزە سیاسییەی لەپشتەوەیە بۆیە بۆی چوونەتە کەمینەوە!

2005-09-20